# شوکر مستەفا و برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی

نووسینی : عەبدولڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە

## بەشی یەکەم

مێژوو... هاواری دێرین و دەنگی سەردەم و هەنگاوی داهاتوو و پەند و بەسەرهات و هەڵوێستە . هەر نەتەوە و میللەت و پارت و ڕێکخراو و دەستە و تاقمێکی ڕۆشنبیر، ئەگەر شارەزاییەکی تەواوی لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی مێژووی دێرینی خۆی نەبێ و لە بەر ڕۆشنایی کارەسات و قەومینەکانی،پەندو دەرس و تاقیکردنەوە و هەڵوێستی لێ هەڵنەهێنجابێ ، هیچ کاتێک دۆست و دوژمنی خۆی بۆ لێک جودا ناکرێتەوە و هەر هەنگاوێکیش هەڵیدێنێتەوە ، سادە و ساکار و کوێرانە و پڕ لە هەڵەوپەڵە و، دوور لە ڕاستی و دروستییەوە دەبێت ، سەرەنجامەکەش ڕووەو هەڵدێر دەبێتەوە . ئایدیۆلۆجییەتیش بە مانا فرەوانەکەی ، شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و کومەڵایەتی و ئابوورییە ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو وانە و دەرس و پەند و ڕووداو و قەومینانەی مێژووی دێرین . فام و تێگەیشتن و هەڵێنجاندنی هەڵوێستی کاریگەر ، نیشانەی خۆی ناپێکێ بەبێ بوونی زانیاری و ڕۆشنبیرییەکی تەواو ، سەبارەت بەو پەند و دەرسانەی مێژووی دوورونزیک. دەرئەنجام هەرئەو زانیارییانەش ڕاستەوخۆ دەبنەوە بنەما و بەردی بناغەی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی و ، پاشتریش لە هەڵوێست و هەوڵ و کۆشش و خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینەدا ڕەنگ دەدەنەوە . ماوەیەکە لە سایتێکی گەندەڵەوە ، ئاکۆ جەباری ناوێک ، کە جارەهاش لەژێرناوی دکتۆر ئاکۆ جەباریدا نووسینەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە پێشوەخت خزمایەتییەکی ساختە و درۆزنانە، لە نێوان خۆی و زانا و نووسەر و ئەدیبی خوالێخۆشبووی گەلەکەمان ، مامۆستا ( شوکر مستەفا )دا ، دەکاتە قەڵغان و سپێر بۆ هێرشبردنە سەر ئەو زاتە پیرۆز و خێر لەخۆ نەدیوەی کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو کورد و وشەی ڕەسەن و پیرۆزی کوردیدا تەرخان کردبوو، کە نزیکەی پەنجا کتێبی دانراو و وەرگێڕدراوی هەیە، بە تایبەتیش کە زۆرینەی ئەو کتێبانەی، لە پەنا ڕژێمێکی دڕندە و خوێنڕێژ و دیکتاتۆری

وەک حکوومەتی سەددام حوسێندا بە چاپ گەیاندووە . من نازانم ئەو ئاکۆ ناوە ، چۆنچۆنی و بە چی گرێبەستێک ، خۆی بەخزمایەتی لەگەڵ مامۆستا شوکر مستەفای زەنگنەدا شەتەک داوە؟. بە تایبەتیش کە مامۆستا شوکر لە زەنگنەکانی دیوی ئەو دیوە و ، وەک دەزانین عەشیرەتی جەباریش تەنیا لە دیوی ئەمدیودا هەن .ماڵەوەشیان لە شێخەکانی شەدەڵەیە و بە هەرچی چمکێکیدا بیهێنیتەوە ، بە عەشیرەتی جەباری ناگەنەوە . هەرچەندە ئەم ئاکۆیە ، هەر وەک خۆی دەڵێ (( سەری لە سیاسەت و میاسەت دەرناچێ )) ، بەڵام مستکی نێو هەمانەکەی ، ئەو ئیدیعایەشی ڕەد دەکەنەوە و پەردە لە سەر ڕق و کینەوبیرێکی کرمۆڵی تەسکی نێو سیاسەت هەڵدەدەنەوە. پاشتریش ڕاستەوخۆ دەسەکەی خۆی دەخاتە ڕوو و هەر خۆی دەیسەلمێنێ کە سەر بە کام قوتابخانەی سەرلێشێواو و گەندەڵی دۆڕاوی نێو سیاسەتە ، هەر وەک پێشینان دەڵێن (( کورد بدوێنە ، خۆی شەرعی خۆی دەکات )) . ئەم ئاکۆ ناوە ، لە لایەکەوە لافی ناسیاوی و دۆستایەتی و تەنانەت خزمایەتیش لەگەڵ مامۆستا شوکر مستەفادا لێدەدات و بۆ شوێنگومکێ کردن ، خۆیشی پێوەی هەڵدەکێشێ ، کەچی لە لایەکی دیکەوە ، زۆر بێ شەرم و ناپاکانە ، تۆمەتی دۆستایەتیکردنی بەعسی گۆڕکراوی دەداتە پاڵ و ، بە نادڵسۆزی دادەنێ بەرامبەر بە گەل و نەتەوەکەی خۆی ! مامۆستا شوکر مستەفا ئەگەر خزم و دۆستێکی وەکوو تۆی بێ ئەمەک و سفڵەی نەفامی هەبووبێ ، هیچ پێویستی بە دوژمنێکی سەرسەختی وەک بەعسئاسای نەبووە . تۆیەک ئەگەر لە ئاستی خزمێکی پەپوولەئاسای وەک مامۆستا شوکردا ، ئەوەندە بێ ئەمەکانە قەڵەمی ئیرەییی و ڕقی دڵی کرمۆڵتی لێ بخەیتە کار و بوختان و تانە و تەشەر و قسەی حەلەقوبەلەق و درۆ و دەلەسەی ناڕەوای بۆ هەڵبەستی ، ئەدی لە ئاستی هاوەڵ و دۆستانی دیکەتدا دەبێ چۆن بی کە خزمایەتیتان لە نێواندا نییە ؟ . ئایا ڕاستتر وا نەبوو کە تاوەکوو خۆی لە ژیاندا مابوو، ئەم کەللە شەکرانەت بشکاندبا . سەد مخابن ، تاوەکوو شێر لە بێشەلاندا بوو ، چەقەڵ و ڕێوی و گورگاز و کەمتیارە پیاوی بەرماوەخۆر، زاتی ئەوەیان نەدەکرد تەنانەت بۆ سەرەتاتکێیش ، سەر لە مۆڵگاکانی خۆیان دەربێنن و، هەمیشە کیسەڵئاسا ، سەریان لە نێو کیفی زەلیلی و ملکەچیدا حەشار دابوو . بەڵام ئێستا کە لافوگەزافی درۆ و دەلەسە و سنگ دەرپەڕاندن سەر دەکات و لە

برەودایە ، ئەوەتا دەبینین لە پەنا قسەی زلی شۆڕەسوارانەی بەر سێبەری بن دیواراندا ، لافی فسفسپاڵەوانێتیمان بەسەردا لێدەدەن و، دەیانەوێ دەسەکان تێکەڵ و پێکەڵ و ئاوی کانیاوە سازگارەکانی کوردستانمان لێ لێخن بکەن . من دڵنیام کە تۆی ئاکۆ ناو ، بە کۆرپەیی بە شیری پشیلە پەروەردە و گۆش کراوی ، چونکە زانا و ئەدیبێکی وەک مامۆستا شوکر ئاسا ، کە ئێستا سڕبووی دونیای خامۆشییە و شەیتانیش دەستی لێ شووشتووە و وازی لێ هێناوە . کەچی تۆ لە گۆڕەکەشدا لێی ناگەڕێیت و لاقی بە دەمدا دەبەیت و، ئارامی و هێمنیی هزر و بیری ئەویندارانی وشەی پیرۆزی کوردی دەشڵەقێنی و دەتەوێ ڕووە ورشەدارەکەی بڕووشێنی . ئەمە دەقێکی نووسینەکەی ئاکۆ جەبارییە ، کە دەڵێ : ( مامۆستا مەلا شوکر لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەد ومامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و دکتۆر کەمال مەزهەر و مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی زبیحی و مامۆستا عەلادین سەجادی ومامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و ئەوانی دیکەدا ... هەر یەک بە جۆرێک لە جۆرەکانیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا کردووە )) . من دڵنیام ئەم ئاکۆ جەبارییە (( کە نەجەبارییە و نە ناویشی ئاکۆیە )) و ، عەشیرەتی جەباریش لێی بێبەرین ، بێگومانم لەوەی کە خۆی هاوکاری بەعس بووە . بەو بەڵگەیەی کە دەیەوێ هاوڕێ بۆ خۆی پەیدا بکات و ، بەو فریودانەش مۆرکی هاوکاریکردنی بەعس بداتە پاڵ ئەو هەموو زانا و ئەدیب و کەسایەتییە هێژا و ناودارە کوردانەی ، کە بڕبڕەی پشتی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەمان پێک دێنن . ئەم شێوە هەرزەگۆیی و ڕەفتارانە ، کوتومت کاوێژکردنەوەی هەمان هەڵوێستی تاقمەکەی حەفتاکانی سەدەی پێشووی پاش بەیاننامە مێژینەکەی یازدەی ئازارە ، کە بە مەبەستێکی گڵاوەوە ، دەیانویست بە ناوی (ڕوانگە) و لەژێر پەردەی نوێخوازی و ، لە پەنا دروشمە پیرۆزەکەی زەردەشت پێغەمبەردا (( وشەی نوێ ، بیری نوێ ، کرداری نوێ )) و لە سای دەزگا ڕۆشنبیرییە ئاراستەکراوەکەی بەعسی گۆڕکراودا، لە هەڵپەی ئەوەدابوون ، کە سەرجەمی شۆڕشەکانی کوردستان و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد ، بە نەزان و گێژوویژ و کەم فام و سامانی نەتەوایەتی کورد و ، کەڵە شاعیرانی وەک حەزرەتی نالی و مەحوی و ئەحمەد ی خانی و مەلای جزیری وسالم و کوردی و بێخود و ڕەنجووری و وەفایی و فەقێ تەیران وحاجی قادری کۆیی و

شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بە گێلەپیاو و سەرلێشێواو و نادان ، لە قەڵەم بدەن و لەکەداریان بکەن . ئەم ئاکۆ بە ئەمەکە ، لەجێیەکی دیکەدا دەڵێ : ( مامۆستا شوکر هیچ دەورێکی لە سیاسەتدا نەبووە ، بەڵکوو زیاتر بە لای کۆسمۆپۆلیتی و کەمتەرخەمیدا کەوتووە و لە سیاسەتدا و بە جۆرێک لە جۆرەکانیش پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەبووە )) . من زۆر سەیرم لە کەسێک دێت ، کە بە دەمی خۆی ئەوە بدرکێنێ کە ( سەری لە سیاسەت و میاسەت دەرناچێ ) ، کەچی مافی ئەوە بەخۆی بدات ، ساکار و ساویلکانە لە کرۆکی نێو مەسەلە سیاسییەکان بدوێ . ئەمە دیاردەیەکی پڕ لە خەوشە و ، تەنیا لە نێو هەرزەگۆیانی کورددا باوە ، ئەگینا بەڵگەی ئەم ئاکۆ ناوە دەبێ چی بێ ، لە بەعسیبوونی ئەو زاتانەی کە دەیەوێ لەژێر تارایەکی گوماناویدا ناویان بزڕێنێ ، یان ئەوەتا کە دەبێ خۆی لەگەڵیاندا بەشدار و شایەتی حاڵی ئەو بەعسیبوونە بووبێ ، ئەگەرنا بەشینەوەی تۆمەتی بێ بەڵگە ، مایەی دەسپووچی و درکاندنی باری نەخۆشییەکی دەروونییە ، کە ئەو بۆرەپیاوە پێوەی دەتلێتەوە . بەو پێوەر و پێودانگەی ئەو ئاکۆ ناوە بێ ، کە هەموو کۆسمۆپۆلیتێک و چەپڕەوێکی کوردستانی عیراق،لەخزمەتی ڕژێمی بەعس ، یا ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عیراقدا بووبن ، نە فەهد و نە سەلام عادیل لە سێدارە دەدران و نە ئەو هەموو شەهیدە ، لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیدا دەبینرا و ، نە شاعیر و داهێنەرێکی وەک مامۆستا گۆرانی نەمر دوچاری ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازار و دەردەسەرییە دەبوو . ئەی دەبێ چی بڵێی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شەهیدانی وەک پێشەوا قازی محمد و قاسملوو ، کەوەک ئاشکرایە حیزبەکەیان لەگەڵ توودەی ئێراندا ، لەژێر یەک دەواردا ڕەشبەڵەکیان دەگێڕا. یان ( پ .د .ک ) ی عیراق کە تاوەکوو بارزانیی نەمر لە ڕووسیا نەگەڕابووەوە ، حیزبەکەیان لەگەڵ حیزبی شیۆعیی عیراقیدا ، دوو دیو و دوو ڕووی یەک دراو بوون . بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونەشت کە دەڵێی : (مامۆستا شوکر هیچ دەورێکی لە سیاسەتدا نەبووە...) . حەز دەکەم ئەوەش بزانی ، کە هێشتا من و تۆ ، سەرمان لە یەلکە نەجقابوو ، مامۆستا شوکر مستەفا ، خەریکی سیاسەت بووە . من وەڵامت نادەمەوە بەڵام هەواڵەی لای مام جەلال تاڵەبانیت دەکەمەوە و، لێی بپرسەوبزانە کە ئەو لاوە نەبەردەی شارەکەی باباگوڕگوڕی کەرکووک و ئەو

سیاسەتمەدارە کوردە ڕۆشنبیر و خوێنگەرمە کێ بوو ، لە ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهانیی ، لە ساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجا و پێنجدا ، کە بەسەد دەردەسەری بە ڕێی قامیشلیدا خۆی گەیاندە ( وارشۆ ) و ، لەگەڵ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانیدا ، لەو ڤیستیڤاڵە نێو دەوڵەتییەدا ، مەزلوومییەتی کوردیان ، بە گوێی ڕزگاریخوازانی جیهاندا دەچپاند و بە جۆش و خرۆشەوە بانگیان دەکرد : ئازادیخواز کوردین ئێمە ، شووڕەی پۆڵا و مەردین ئێمە . مامۆستا شوکر بۆی گێڕامەوە ، کە چۆن ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانی وێنەیەکی گەورەی پێشەوا (( مەلا مستەفای بارزانی ))ی ، لەو ڤیستیڤاڵەدا بەرز هەڵگرتبوو و ، دەیوت : ( هەر کوردێ وێنەی پێشەوا بارزانیی پێ نەبێ ، دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە و گومانی لە کوردایەتییەکەی خوی هەبێ )) . لە بەڕێز مام جەلال بپرسە و بزانە ، لەو سەردەمەی کە پارتی و یەکێتی شیروتیریان بەرامبەر بە یەکدی لە کەواندا بوو ، بەڕێزان مامۆستا مەسعوود محەمەد و شوکر مستەفا و کاکە حەمەی مامۆستا مەلا کەریم ، کە بە مەبەستی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد ، لە سەفا و مەروای نێوان هەولێر و سلێمانیدا بوون ، بەڕێز مام جەلال کێی ڕاسپارد بۆ ناوبژیکردن لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ؟. لە پاش ئەوەی کە هەموو سیاسەتمەدارانی کورد فەشەلیان تێدا هێنابوو و پاشەکشێ و بایەکۆتیان لێ کردبوو ، ئەمانیش کە نەیانویستبوو بچنە ژێر ئەو بارە ئاڵۆزەوە ، چۆن مام جەلال پێی وتبوون کە ئەم کارە تەنیا بە ئەوان سەقامگیر دەبێ . ئەوبوو کاک مەسعوود بارزانیش لە وەڵامدا پێی وتبوون ، هەر چارەسەرێ ئێوە بۆ هەردوولا دەسنیشانی دەکەن ، بە لای منیشەوە پەسەندە . یان ئەگەر تۆزقاڵێک مامۆستا ( مەسعوود محمد ) ت لە دوورەوەش بناسیبا ، وا بەبێ پەروا باست لێوە نەدەکرد . ئەوەبوو لە پاش هەرەسهێنانی شۆڕش . ڕژێمی بەعس ، فشارێکی زۆری خستە سەر کۆڕی زانیاری کوردەوە لە بەغدا ، (( کە خۆم سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە )) ی بووم . لەسەر کتێبی ((اعادە ا لتوازن ا لی میزان مختل )) بە ڕووی بەعسی سەددامیدا شێرانە و دلێرانە ڕاوەستا ، تا دەرئەنجام بە ناچار بەرەو چارەنووسێکی نادیار وڵاتی بەجێهیشت و لە ئوردن لێی گیرسایەوە ، چونکە مامۆستا لە کۆڕی زانیاریی ئوردنیدا ئەندامی شەرف بوو . تا پاشتر کە بارودۆخەکە گۆڕا ناچار سەددام وەزیرەکەی مام جەلال ، تاها محێددینی بە عوزرخوایی و داوای لێبووردنەوە

به شوێنیدا نارد و هەر کە گەڕاشەوە ئۆتۆمۆبیلێکی نوێی بە خەڵات پێ بەخشی . حەز دەکەم ئەوەش بزانی کە مامۆستا مەسعوود محەمەد و مامۆستا شوکریش لە بەغدا ، لە کرێنشینی و خانووی کرێگرتەییدا ژیانیان بەسەر دەبرد . مامۆستا مەسعوود بوو لە هەولێر بە ڕووی پارتیدا هەڵشاخا و ڕاشکاوانە وتی ئەگەر کەسێکی بێانی ڕوو لە کوردستان بکات ، وا دەزانێ دهۆک پایتەختی هەرێمی کوردستانە نەک هەولێر ، ئەوەتا لەوێ چراخانە و لە هەولێریش لەبەر بێ کارەبایی ، لەسەر قاڵبێ بەفر زەلامی تێدا دەکوژرێ ، هەر ئەو هەڵوێستەش ناچاری کرد کە هەولێر بۆ کەسانێک بەجێ بێڵێ ، کە دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە . دەربارەی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیی مێژوونووسی خوالێخۆشبووش ، کە لە شەستەکانی سەدەی پێشووەوە ، لە کاتێکدا کە لە شاری کەرکووک ، ئیمام وخەتیبی مزگەتی نائب ئۆغلی بوو . لەسەر هەڵوێستی جوامێرانە و خوتبە کوردایەتی ئامێزە بەناوبانگەکانی ڕۆژانی هەینیی ، چەندەها جار لە زیندانەکانی ڕژێمی عیراق توند کرا ، تا دەرەنجام لە ساڵی شەست و سێدا ، یەکەم ئەدیب و مەلای ناوداری کورد بوو ، چووە ڕیزی شۆڕشەوە و هەر لە شارۆچکە ژیکەڵانەکەی ماوەتەوە لە شاخ ، کە بنکەی (م . س ) ی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوو ، خۆی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان نەزر دابوو . تا بەرپابوونی شۆڕشەکەی خومەینیش ، لە هەندەران لە ئاوارەیی و دەربەدەدی و پاشتر لە ئێران گیرسایەوە و ژیانی بەسەر دەبرد ، ئەگەر خۆتئاسا لە خزمەتی بەعسدا بووایە وەک جەنابی نا موبارەکت دەفەرمووی ، هەڵبەتە بەو شێوە دڕندەئامێز و نامرۆڤانە ، لە دوڕ ماڵەکەی خۆیدا لە شاری بەغدا ، بە تەور و تێڵا شەهید نەدەکرا و ڕژێم دەستی بە سەر دەسنووس و کتێبخانەکەیدا نەدەگرت . ئەو پێودانگەشت زۆر ناچیزە و ناجۆر و لاسەنگە ، کە سیاسەتمەدارێک لە نووسەر و ئەدیبێک ، یان هونەرمەند و داهێنەرێک ، گەورەتر یان بچووکتر دادەنێی ، چونکە ئەدیب و هونەرمەندی ئەوتۆ هەن ، زۆر لە سیاسەتمەدارێک گەورەترن . پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە . بەو پێوەرە سادە و ساکار و هەڕەمەکییەی لای تۆ بێ ، کەواتە دەبێ هیتلەر و ستالین و ئەتاتورک و سەددام حوسێن و بینۆشێ ، لە دستۆفسکی و مەکسیم گۆرکی و سارتەر و کافکا و بۆشکین و ستانسلافسکی و گۆتە و شۆبنهاوەر و مۆزارت و

بتهۆفن و ئیسماعیل بێشکچی ... هتد ، گەورەتر بن ! . بە پێچەوانەشەوە سیاسەتمەداری ئەوتۆش هەن ، کە هیچ ئەدیب و شاعیر و نووسەرێکی دونیای پێ ناگات ، بۆ بەڵگەش نیلسۆن مەندێلا . کەواتە پێوەرەکە ، هەڵوێست و خەبات و خۆڕاگری و مرۆڤدۆستی و دڵسۆزی و داهێنان دەیقرسێنێ ، نەک شتێکی دیک . هەر هەڵوێستی مێژووییە کە گەورەیی کەسایەتییەک یان گەندەڵیی بۆرە پیاوێک دەسنیشان دەکات . بۆیە زۆر جێی خۆیەتی کە بڵێین مامۆستایان مەسعوود محەمەد و علائەددین سەججادی و شوکر مستەفا و مامۆستا عبدالکریمی مودەڕیس و دکتۆر کەمال مەزهەر ، زۆر لە مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلال و کاک مەسعوود گەورەترن . لێرەدا نابێ جەوری دەسەلات و دەسڕۆیی و کەڵەگایی بکرێنە پێوەر . خۆ ناشێ بڵێین یەزیدی کوڕی مەعاوییە لە ئیمام حوسێن گەورەتر و موقتەدیر بیلاە لە حوسێنی مەنسووری حەلاج و مەعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان لە ئیمامی عەلی و، ئەبو جەعفەری مەنسووری خوێنڕێژ لە ئەحمەدی حەمبەل گەورەتر بن . ئەگەر تەماشایەکی ئەو سامانانە مێژووییانە بکەین کە ئەو زاتانە لە پاش خۆیان بۆ مرۆڤایەتی بە جێیان هێشتووە ، دەرحاڵ ئەو ڕاستییە دەدرکێنین کە کامیان لە کامانەیان گەورەترن . پێگەی خاوەن کەسایەتییەک یان گەندەڵیی بۆرە پیاوێک ، هەڵوێستی نەبەردانەی مێژوویی دەسنیشانی دەکات . هەر وەک حەریق دەفەرموێ : گەوهەری نەزم و دوڕی مەعنی و لەفزی سەدەفم

بردە بازاڕی نەزەر، موشتەری نادانم دی

ئەگەر هەر کوردێکی وەکوو تۆی ( بە ئەمەک و خاوەن ویژدان )هەر یەکە و لە ئاستی خۆیەوە ، سەد یەکێکی ئەرکی کاری ئەو زاتانەی ئەنجام بدایە ، کە تۆ بە یاریدەدەری بەعست ناو بردوون ، ئێستا جەماوەری کوردی خێر لەخۆ نەدیو، بە دەستی قەڵەمفرۆشانی دووڕوو و خاوەن فایل و مەراییکەران و بۆرە پیاوان و ماستاو ساردکەرانەوە نەیاندەناڵاند . ئەو قەڵەمفرۆشانەی کە لە هەموو گەمە و یارییەکدا جۆکەر و ، لە هەموو ئاهەنگێکدا سووری بەربووک و ، لە هەموو مەنجەڵێکدا ئەسکۆ و کەوچک و ، لە هەموو جۆگە و جۆبارێکیشدا بەپێی بازاڕ و عەرز و تەڵەب ، ڕەنگی پێستی خۆیان دەگۆڕن . هەر ئەو ئینتیهازییانەش دەبنە مایەی دروستبوونی ئینشیقاق و دووبەرەکی و پەیدابوونی دیکتاتۆر و گێرەشێوێنی . ئەگەر وانەبا ، هەڵبەتە ئێستا پارتی و

یەکێتی ، لە پەنا ئەو بیانوەی کە شەڕی نێوخۆ سەر هەڵنەداتەوە ، بەم شێوەی ئێستا ، دیموکراتییەتیان زیندەچاڵ و، مافی مرۆڤی کوردی سەردەمی سەدەی بیستویەکەمیان پێشێل نەدەکرد و ، سەرلەنوێ دەسەڵاتیان لە نێوان خۆیاندا هیزە بەدەرخۆنە نەدەکردەوە . بەشینەوەی بەروبوومی دەسەڵات نەبوایە ، یەکێتی نیشتیمانی زاتی ئەوەی نەدەکرد لە ژێر ناوی دەسکردی حازربەدەست و دروستکراودا ، عەلوەکەی شاری سولەیمانی بکڕێتەوە و، بە زەبری کەڵەگاییەکەی خۆی ، نرخ لەسەر کاڵا و شتومەک دابنێ . هەژار هەژارتر و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر بکات . لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە سەتەلایتی کوردسات ، نەیکردە نامەردی و گوڕێکی گەورەی بۆ سەندەوە و بازێکی ڕۆستەمانەی بەسەر کەرکووک و هەولێردا بۆ دا و ، چوو نرخی کاڵای لەگەڵ شارێکی سیاحیی وەک دهۆکدا بەراورد کرد ، کە لە زەمانی دەقیانووسەوە چۆن بووە ، ئێستاش هەروایە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە . ئا لێرەدا ڕۆڵی نووسەرانی خاوەن هەڵوێست و قەڵەمفرۆش یەکاڵا دەبنەوە . حەزیش دەکەم ئەوە بزانی کە منیش وەک مامۆستا شوکرئاسا لە دارایی دونیادا تەنیا قەڵەمەکەم هەیە و ، ئەویش بۆ فرۆشتن نییە، ئەگەر بە کەسێکی بفرۆشم ، ئەوا بە فەقیر و هەژار و کەم درامەت و نەدارا و چەوساوەکانی کوردی نەتەوەکەی خۆمی دەفرۆشم . ئەگەر کەسانی وەک ئێمەمانان پێشتر چاوپۆشیمان لە لادان و هەڵوێستی نابەجێی سەرکردە و حیزبەکان کردبێ و دروشمی بێدەنگیمان هەڵبژاردبێ ، لەبەر ئەوە بوو ، کە ڕووبەڕووی دوژمنێکی سەرسەختی وەک سەددام حوسێن بووبووینەوە . لەوانەشبوو دەربڕینی هەر تەرزە هەڵوێستێک بە خزمەت گەیاندن بەو ڕژێمە بکەوتبایەتەوە ، بۆیە بە درێژایی مێژووی شەڕی شوومی براکوژی ، بە پێی توانا هەوڵی ئەوەم داوە کە زمانپاراو و قەڵەمپاراو و دوورەپەرێز ، لەو پەتا کوشندەیە خۆم ڕابگرم . بەڵام کورد نابێ لەمەودوا بە دروشمی ئاڵ و واڵای هیچ حیزب و لایەنێک فریو بخوات ئەگەر کردەوەی لەگەڵدا نەبوو . ئەرکی پیرۆزی سەرشانی هەر ڕۆڵەیەکی دڵسۆز و ڕۆشنبیر و نووسەر هونەرمەند و هاووڵاتییەکی بە ئەمەکی خاوەن هەڵوێستە ، پاشەڕۆژی گەل و نەتەوە و میلەت و نەوەی ئایندەی خۆی ، لە خۆپەرستی و لە سەرووی بەرژەوەندیی تایبەتی و بیری تەسکی حیزبایەتییەوە لە بەرچاو بگرێ ، لەمەودوا نابێ لە

ئاستی هیچ جۆرە لادان و کەموکوڕیی لایەن و تاقم و دەستە و حیزبێک بێدەنگ بین ، بە تایبەتیش کە تازە بە تازە وا خەریکە بۆ یەکەم جار بارودۆخە سیاسیەکە بە ڕوومان‌دا پێدەکەنێ و پەڕ و باڵ دەر دەکەین و بەرەو ڕزگاری پەلوپۆ دەهاوین . بۆ ئەوەش کە بتوانین لەگەڵ ڕەوتی ڕووداو و نەخشەی سیاسیی دەڤەرەکەدا ، وەک کوردێکی سەربەستی سەردەمی سەدەی بیست و یەکەم لەئاستی گۆڕانکارییەکان‌دا بین . نابێ بە قسەی بێ کردەوەی هیچ حیزب و لایەنێک لەمەودوا فریو بخۆین ، ئەگینا پارتی و یەکێتی ئەوەتەی بە گیانی کورد دەستیان کوتەکی گرتووە ، هەمیشە لافی دیموکراتییەتیان لێ داوە ، بەڵام تاوەکوو ئێستاش ئایا توانیویانە تەنانەت لەگەڵ کادیر و ئەندامەکانی خۆیشیان‌دا دیموکراتییەت بەرقەرار بکەن ، تا پرشێکیشی بەر خەڵکانی وەک ئێمەمانانی لێ بکەوێ ؟ تاکوو ئێستا هەر بە گفتار و قسە و لەڕاگەیاندن و میدیاکانیان‌دا دیموکراتخواز بوون ، بەڵام قسە ئەگەر کردەوە و کرداری گەرماوگەرمی لەگەڵدا نەبوو ، وەکوو داری زڕی بێبەر دەمێنێتەوە بۆ بڕینەوە و سووتان نەبێت بۆ هیچێکی دیکە دەس نادات . پارتی و یەکێتی پێشتر و تاوەکوو ئێستاش کەسانی وەکوو ئێوەمانان یار و یاوەریان بوون ، بۆیە کوردیان بەرەو نەهامەتی و ڕۆژێکی نادیار و ئەنفال و دووبەرەکی و شەڕی براکوژی و ناوبەناوەش بە مەبەستی گیرفان پڕ کردنەوە، گفتوگۆ لەگەڵ میری و کیمیاباران و زەبوونی و ماڵوێرانی برد . خوداوەند ئەگەر بە مەرحەمەت و گەورەیەکەی خۆیەوە بەزەییەکی بەو کوردە بێدەرەتان و داماوەدا نەهاتبایەتەوە و ، ئەگەر ئاشی نەزان خودا نەیگێڕابا و سەددام حوسێن خودا سەری لێی تێک نەدایە و پڕی بە نانی شوان نەبردایە و کوێتی داگیر نەکردبا و بەرژەوەندیی ئەمریکاش لە ناوچەکە لەگەڵ کوردەکەدا هاوسەنگ ڕانەوەستابا . ئێستا ئێمەش لەسای سێبەری سەری سەرانمان و پاڵەوانانی شەڕی براکوژی و بازرگانانی خوێنی شەهیدان و خاوەن فاییل و قەڵەمفرۆشانەوە ، چون فەلەستینییەکانی ساڵی چل و هەشتمان لێ بەسەردا دەهات و ، دەبوا هەر لەبەر خۆمانەوە هەتا هەتایە بمانوتبا :(ئەم نانە بەو ڕۆنە ) . لە کۆتاییدا هیوادارم ئاکۆ جەباری ناو ، پیاوانە غیرەت بیگرێ و لەوە زیاتر بانگ لە کوولەکەدا نەدا و پەردە لە سەر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەڵماڵێ . ئەو کاتەش کەوەکانمان ڕاستەوخۆ و بە ئاوازێکی پڕجۆش و

خرۆشترتر دەتوانن بەرامبەر بە یەکدی بقاسپێنن . بۆ ئەوەی تۆیش وەکوو کابرای خەواریجییت لێ بەسەردا نەیەت ، کە لە گەرمەی شەڕی فیتنەئامێزی مەعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیاندا ، لە ئیمامی عەلیی پرسی : ئەوە بۆ لە سەردەمی پێغەمبەردا ( د . خ ) دووبەرەکی و ئاژاوە و فیتنە و ئیرەیی لە نێو موسوڵمانانددا نەبوون ، کەچی لە سەردەمی تۆ و عوسماندا ئەو هەموو خوێنڕێژییە ڕووی دا ؟. ئیمامی عەلی لە وەڵامدا پێی دەڵێ : چوونکوو لەو سەردەمەدا ، کەسانی لەخۆبردوو و خاوەن بڕوای وەک ئێمەمانان هاوەڵ و هاودەمی پێغەمبەر بووین ، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا کەسانی وەک ئێوەمانان هاوەڵ و نەدیم و هاوڕاز وهاودەممانن . سوید _ ستۆکهۆڵم.**10_01_2005**